برلمان كوردستان - العراق
رئاسة الديوان
مديرية شؤون البرلمان و اللجان
لجنة الشؤون القانونية

Kurdistan Parliament – Iraq

کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان
لیژنەی کاروباری یاسایی

ژمارە: /٧٦/
بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢٢

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت / ڕاپۆرتی لیژنە

سەبارەت بە

هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی (کاروباری یاسایی) لەسەر خوێندنەوەی یەکەمی ئەم دوو پێشنیازە یاسایە : ١- پێشنیازی یاسای ڕەزامەندبوون (بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان) ٢- پێشنیازی یاسای (ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان) ، کە لە هاوپێچ ئاماژەی پێکراوە بۆتان ڕەوانە دەکەین.

بژار کۆچەر
سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی

ژمارە: ٧٦ /
بەروار: ٢٢ / ٧ / ٢٠٢٠

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە

لیژنەی ( **کاروباری یاسایی** ) ڕۆژی (سێ شەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢١) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردنی دوو پێشنیازە یاسا بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٩/ بڕگەی دووەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ، دوای گفتوگۆکردن ، لیژنە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**لاریمان نییە ئەم دوو پێشنیازە یاسایە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی یەکەم :**

١- پێشنیازی یاسای ( بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان)

٢- پێشنیازی یاسای ( ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان)

**لیژنەی کاروباری یاسایی**

باك احمد رحمان رسول
ئەندام

كاوه عبدالقادر حسن على
ئەندام

سارا دڵشاد بكر مولود
ئەندام

ڕوبینە اویملك عزیز مملوك
ئەندام

ڤژان ابراهيم على طه
ئەندام

خدیجە عمر طه محمود
ئەندام

سلام عبدالله حسن
ئەندام

ڕۆژان محمد كريم عيسا
ئەندام

جلال محمد امین احمد
بڕیاردەر

عباس فتاح صالح فتاح
جێگری سەرۆك

بژار کۆچەر
سەرۆکی لیژنەیی یاسایی

راجێتكرابە ۳

KURDISTAN- PARLIAMENT- IRAQ
Kurdistan-Hawler

No:
Date:



پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق
كوردستان ـ هەولێر

ژمارە :
ڕێكەوت : / / ۲۰۲۰

ژمارە: ۱۱۸٦
بەروار: ۲۰۲۰/۸/۱٤
بەشی كاروباری ئیژنەكان

**بەڕێز/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**
**بابەت/ پێشنیازی یاسا**

سڵاوو ڕێز ....

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان كە لە خوارەوە واژۆمان كردووە پێشنیازی یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوارو كەلەپور لە هەرێمی كوردستان- عێراق ) تان پێشكەش دەكەین، تكایە بخرێتە بەرنامەی كاری كۆبوونەوەی پەرلەمان.

**لەگەڵ ڕێزماندا....**

| واژوو | ناوی پەرلەمانتار | ژمارە |
|---|---|---|
| [واژوو] | دەریان رەشید خان اودل برادۆستی | ١ |
| [واژوو] | ئەنجامن شەعبان محەمەد رەزا | ٢ |
| [واژوو] | لقمان حمە حاجی وەردی | ٣ |
| [واژوو] | پەریشە وا طاهر مصطفی (هەورامانی) | ٤ |
| [واژوو] | زانا ملا خالد سالح | ٥ |
| [واژوو] | صباح محمود زیباری | ٦ |
| [واژوو] | ادریس اسماعیل عبوشی | ٧ |
| [واژوو] | بختیار شكری سلیمان | ٨ |

| | | |
|---|---|---|
| | سروان حمه زكي | ٩ |
| | رزگار حسين سوار | ١٠ |
| | نزار سورمه | ١١ |
| | بهمن كاك عبدالله احمد | ١٢ |
| | شاده طاهر احمد | ١٣ |
| | رشنك محمد عبدالرحمن | ١٤ |
| | دريوا بابكر [illegible] | ١٥ |
| | زكري احمد شيبهري | ١٦ |
| | محمد دوسكي | ١٧ |
| | حنان جبار بويا | ١٨ |
| | روحيو الحكار | ١٩ |
| | سالم ناصح توفيق | ٢٠ |
| | زوزان محمد كريم | ٢١ |
| | هرزان حسن احمد | ٢٢ |
| | هاوريا ملا ستار | ٢٣ |
| | جمال حويز | ٢٤ |
| | أرشد حسين محمد | ٢٥ |
| | عبدالسلام عبدالله دولة مري | ٢٦ |
| | بهجت علي إبراهيم | ٢٧ |

| | | |
|---|---|---|
| | شومێد خۆشناو | ٢٨ |
| | کلارا عودیشو | ٢٩ |
| | شێخ ظاهر گەیلانی | ٣٠ |
| | ملا امان ڕێکانی | ٣١ |
| | لیزا فلەکەدین کاکەیی | ٣٢ |
| | وسیم سعید وسیم | ٣٣ |
| | هێڤیدار احمد | ٣٤ |
| | نیاز مصطفى | ٣٥ |
| | حسیبە سعید ابراهیم کوردی | ٣٦ |
| | احمد ابراهیم بلال | ٣٧ |
| | ڕێزان ابراهیم سلێڤانی | ٣٨ |
| | گولستان باقر نەڤێلی | ٣٩ |
| | بێزار اکرام گورەیلی | ٤٠ |
| | | ٤١ |
| | | ٤٢ |
| | | ٤٣ |
| | | ٤٤ |
| | | ٤٥ |

# پێشنیازە یاسای

# بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان-عێراق دا

ژمارە (     ) ساڵی ٢٠٢٠

ئامادەکردنی

پەرلەمانتار/ پ.ی.د.زێدان رشید برادۆستی

**ماددەی (١):**

ئەم زاراوە و پێناسانەی خوارەوە کە لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا هاتوون، ماناکانیان بەرامبەریانە:

یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان — عێراق.

دووەم/ ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

سێیەم/ وەزارەت : وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

چوارەم/ دەسەڵاتی شوێنەواریی: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شوێنەوار .

پێنجەم / شوێنەوار: ماددە گواستراوە و نەگواستراوەکانە، کە دروستکراو، یان نەخشکراو، یاخود بەرهەمهێنراو، یان نووسراو، یاخود وێنەیان کێشراوە، یا وێنەیان گیراوە و تەمەنیان لە (٢٠٠) دووسەد ساڵ کەمتر نەبێت و هەروەها پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکەکانیش دەگرێتەوە.

شەشەم/ کەلەپوور: ماددە گواستراوە و نەگواستراوەکانە، کە دروستکراو، یان نەخشکراو، یاخود بەرهەمهێنراو، یان نووسراو، یاخود وێنەی کێشراوە، یان وێنەی گیراوە و تەمەنیان کەمترە لە (٢٠٠) دوو سەد ساڵ و بەهایەکی مێژوویی، یان نیشتیمانیی، یاخود نەتەوەیی، یان ئاینیی، یاخود هونەرییان هەیە.

حەوتەم/ شوێن و ناوچەی مێژوویی: ئەو شوێنەیە کە جێگایەك بووە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی و نەتەوەیی گرنگ، یان بایەخێکی مێژوویی پێدراوە و تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە.

هەشتەم/ شوێنەوارناس: کەسێك لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە زانستی شوێنەواردا.

نۆیەم/ لایەنی پەیوەندیدار: ئەو لایەن و وەزارەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بەکاری شوێنەوار و کەلەپوور و پاراستنیانەوە هەیە.

دەیەم/ لیژنەی هونەریی: بەپێی پێویستی کاری شوێنەواریی، پێکدێت لە پسپۆڕانی زانستی شوێنەوار و کەلەپوور و بوارەکانی تری پەیوەندیدار.

یازدەیەم/ گەڕان و پشکنین و هەڵکۆڵین: کاری گەڕان و هەڵکۆڵین و پشکنینە بە ئامانجی دۆزینەوەی شوێنەوارە گواستراوە و نەگواستراوەکان، چ لەسەر زەویی بن، یان لەژێر زەوی.

**ماددەی ( ٢ ):**

ئامانجی ئەم یاسایە بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوورە لە هەرێم، وەك سامانێکی گرنگی نیشتمانیی.

**ماددەی ( ٣ ):**

دەسەڵاتی شوێنەواریی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئەم یاسایە، ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەگرێتە بەر:

**یەکەم/** دیاریکردن و دەستنیشانکردنی شوێن و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری و مێژووی.

**دووەم/** گەڕان و هەڵکۆڵین بە دوای شوێنەوار لە سەرتاسەری هەرێم دا، بەبەکارهێنانی نوێترین ئامێری زانستیی و هونەریی پەیڕەوکراو لە بواری زانستی شوێنەواردا.

**سێیەم/** نۆژەنکردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور و شوێنە مێژووییەکان و پاراستنیان لە زیانلێکەوتن و لەناوچوون.

**چوارەم/** دامەزراندن و کردنەوەی مۆزەخانەی سەردەمیانە بۆ خستنەڕووی شوێنەوار و مێژووی کەلوپەلە کەلەپوورییەکان.

**پێنجەم/** دروستکردنی نمونەی "لەبەرگرتنەوە – لاساییکردنەوە"ی پارچەی شوێنەواریی و کەلەپووریی و بەرهەمهێنانی وێنەو فیلم بۆ نیشاندان، یان فرۆشتن یاخود بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردنیان و دیاریکردنی نرخیان.

**شەشەم/** ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و ڕێکخستنی کۆڕ و کۆنفرانس لەسەر شوێنەوار و کەلەپووری شارستانیی هەرێم.

**حەوتەم/** کارکردن بۆ خستنەرووی شوێنەوار و کەلەپوور، یان لەبەرگیراوەکانیان لە مۆزەخانە بیانیەکانی دەرەوەی هەرێم، بۆ ماوەیەکی کاتیی.

**هەشتەم/** ئامادەکردنی پسپۆڕانی هەردوو بواری شوێنەوار و کەلەپوور بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانای کارکردنیان لە ڕێگای خولی ڕاهێنان و ڕەوانەکردنی نێردەی خوێندن و زەماله.

**نۆیەم/** ئەرکی دەسەڵاتی شوێنەوارییە تیمی رووپێوکردنی سەرتاسەریی بۆ شوێنەوار و شوێنە کەلەپوورییەکانی هەرێم دابینبکات. بۆ ئەوەی لە نەخشەکان و بەڵگەنامەکانی ڕوپێویی دا دیاریبکرێن و لەسەر نەخشەسازیی بنەڕەتیی دابنرێن و ئاماژە بە جۆرەکەیان بکرێت.

**دەیەم/** بەگەڕخستنی ناوچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان لە رووی گەشتیاریی و ناساندنی زیاترەوە، کە مەبەست لێی، بەرەوپێشبردن و بەرزکردنەوەی داهاتی گشتیی بێت، بێئەوەی کاربکاتە سەر لایەنی زانستیی و نۆژەنکردنەوەی ناوچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان.

**یازدەهەم/** ڕاگەیاندن و ناساندنی ناوچە و جێگا شوێنەواریی و کەلەپوورییە دۆزراوەکان.

**دوازدەهەم/** هەوڵدان بۆ تۆمارکردنی شوێنەوار و کەلەپووری هەرێمی کوردستان لە تۆماری (یونسکۆ).

**سیازدەهەم/** هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شوێنەوار و کەلەپوورانەی کە براونەتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٤):**

هەرکەسێك ئاگاداربێت لە بوونی شوێنەوارێك یان کەلەپوورێکی "گواستراوە، یان نەگواستراوە"، یاخود زانیاریی لەبارەیەوە هەبێت، دەبێت لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا، لە مێژووی ئاگاداربوونی یان زانیارییەکانی، نزیکترین لایەنی فەرمیی ئاگاداربکاتەوە، و پێویستە لەسەر ئەو لایەنەیشی کە ئاگادارکراوەتەوە، لە ماوەی (٤٨) کاتژمێردا زانیارییەکانی بگەیەنێتە دەسەڵاتی شوێنەواریی.

**ماددەی ( ٥ ):**

**یەکەم/** پێویستە دەسەڵاتی شوێنەواریی تۆمارێکی تایبەت بە تۆمارکردنی بینا و باڵەخانە ناوچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان و جێگیرکردنی ئەو زانیاریی و بەڵگەنامانەی پەیوەستن پێیانەوە ئامادە بکات، مافی پەیوەندیی هاوەڵێتیی (ارتفاق)، کە دەکەوێتە سەر ئەو نەگواستراوانەی هاوشانین دابنێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی دا بلاّو بکرێتەوە.

**دووەم/** مافەکانی پەیوەندیی هاوەڵێتیی، دانانی پشتێنەیەك لە دەوری شوێنە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ڕەخساندنی ڕێگا و ڕێڕەوی گەیشتن بۆیان، بەمەرجێك شوێن و ناوچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان پارێزراوبن.

**سێیەم/** ئەگەر پێشتر شوێنەوار تۆمارکرابێت و مافی پەیوەندیی هاوەڵێتیی نەگواستراوەکانی دەوروبەری دیارینەکرابن، ئەوکات دەبێت بەپێی یاسا دەستنیشان بکرێن.

**چوارەم/** جۆری ئەو بینایانەی دەکەونە دەوروبەری شوێنە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان، لە لایەنی بەرزیی و ڕەنگی ڕووەکانیانەوە دەستنیشاندەکرێن، ئەگەر نویّ بن، یان نوێکراوەبن، ئەمەیش بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ شوێنە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکانی تەنیشتیان دا، کە بە هەماهەنگیی لە نێوان دەسەڵاتی شوێنەواریی و لایەنی پەیوەندیدار دەبێت.

**ماددەی ( ٦ ):**

**یەکەم:** دەسەڵاتی شوێنەواریی، پاڵپشت بە یاسای بە موڵککردنی (استملاك) بەرکار لە هەرێم، مافی بە موڵککردنی ئەو زەویی و موڵکە نەگواستراوانەی هەیە کە شوێنەواریی یان کەلەپوورین، بەرامبەر قەرەبوویەکی دادپەروەرانە.

**دووەم/** دەسەڵاتی شوێنەواریی، بۆی هەیە شوێن و ناوچە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان و ناوچە قەدەغەکراوەکانی بپارێزێت، لەکاتێکدا ئەو جێگایانە مەترسیی و هەڕەشەی لەناوبردنیان لەسەربێت.

**ماددەی ( ٧ ):**

هەموو ناوچە شوێنەواریی و کەلەپووریی و مێژووییەکان، بەناوی موڵکی گشتییەوە تۆماردەکرێن و بۆ مەبەستی شوێنەواریی تەرخاندەکرێن.

**ماددەی ( ٨ ):**

**یەکەم/** بەکارهێنان و دابەش کردنی زەوی، درووستکردنی خانوو و هەر بینایەکی تر یان گۆڕینی سیمای خانوو باڵەخانەکان، لەو شوێنانەدا کە شوێنەواری و کەلەپوورین، تەنیا بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی شوێنەواری دەبێت، و چۆنیەتی کارکردنیش لەو شوێنانەدا و ئاستی نزیکی و دوورییان لە شوێنەوارو کەلەپوورەکە، لەلایەن لیژنەی هوونەرییەوە دەستنیشان دەکرێت.

**دووەم/** لەکاتی بوونی هەر بەربەستێك لە جێبەجێکردنی هەر پڕۆژەیەکدا، لەوانەی کە لە برگەی یەکەمی ئەم مادەیەدا هاتووە، دەسەڵاتی شوێنەواریی، لەسەر ئەرکی لایەنی جێبەجێکاری پڕۆژەکە، کاری بەدواگەڕان و هەڵکۆڵین ئەنجامدەدات و ئەمەیش لە ماوەیەکی گونجاودا دەبێت بۆ گەڕانی زانستیی ورد، بە لەبەرچاوگرتنی ماوەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە و تێچووی گەڕانەکەش، لە کۆی تێچووەکانی پڕۆژەکەدا دیاریدەکرێت.

**ماددەی ( ٩ ):**

سەرجەم شوێن و ناوچە ئایینیە پیرۆزەکان، کە شوێنەواریی بن، یان کەلەپووریی، موڵکی دەوڵەت بن، یان تایبەت، یاخود وەقف، بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن، بێئەوەی زیانیان پێبگەیەنرێت و لەکاتی نۆژەنکردنەوە، یان دەستکاریکردنی، یاخود هەر گۆڕانکارییەك دا، دەبێت لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی شوێنەواریی دا بێت.

**ماددەی (١٠):**

پێویستە لەسەر دەسەڵاتی شوێنەواریی، ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

**یەکەم/** ئامادەکردنی تۆمارێك، بۆ تۆمارکردنی ئەو شوێنەوارە گواستراوانەی هاولاتیان بە رێکەوت دۆزیویانەتەوە و دراونەتە دەسەڵاتی شوێنەواریی.

**دووەم/** ئامادەکردنی تۆمارێك، بۆ تۆمارکردنی ئەو شوێنە کەلەپووری و شوێنەواریانەی لە ماددەی (٩) دا دەقنووسکراون، و پێدانی بەڵگەنامەیەکی تایبەتیش بە خاوەنەکانیان، بەمەرجی چاودێری کردنی خولی (دوري) شوێنەکان لەلایەن خودی دەسەڵاتی شوێنەوارییەوە.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** کەسانی ئاسایی و مەعنەویی بۆیان نییە بێ تۆمارکردن شوێنەواری گواستراوە لە لای خۆیان بهێڵنەوە.

**دووەم/** ئەو کەسەی شوێنەواری گواستراوەی لەلایە، دەبێت لە ماوەی (٩٠) نەوەد رۆژ لەرێکەوتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەوە، بیداتە دەسەڵاتی شوێنەواریی.

**سێیەم/** پێویستە خاوەن یان دەستداریی (حائز) پارچەی کەلەپووریی و دەستنووسەکان، یان ئەو کەسەی پارچەکانی لە بن دەستە، لە ماوەی (٩٠) نەوەد رۆژ لەرێکەوتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەوە، ئاگاداری دەسەڵاتی شوێنەواریی بکاتەوە، بۆ ئەوەی تۆماربکرێت و سەرپەرشتیی هاوبەش بکرێت.

**چوارەم/** پاڵپشت بە رێکارە یاساییەکان، دەسەڵاتی شوێنەواریی بەرپرسە لە ونبوون، یان تێکچوونی هەر پارچەیەکی کەلەپووریی، یاخود دەستنووسێك، کە لە لایەن خاوەنەکەیەوە هەڵگیراوە.

**ماددەی ( ١٢ ):**

**یەکەم/** دەسەڵاتی شوێنەواری دەتوانێت بڕیاری داماڵینی خاوەندارێتی (نزع الملكية) هەر پارچەیەکی کەلەپووری بدات، کە پێشتر تۆمار کراوەو لای خاوەنەکەیەتی، بەرامبەر قەرەبوویەکی دادپەروەرانەی خەملێنراو لە لایەن لیژنەی هونەرییەوە.

**دووەم/** دوای داماڵینی خاوەندارێتی، بڵاوکردنەوەی پارچەی کەلەپووری تەنها بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی شوێنەواری دەبێت.

**ماددەی ( ١٣ ):**

هێنانی پارچەی شوێنەواریی، یان کەلەپوریی:

**یەکەم/** دەسەڵاتی شوێنەواریی بۆی هەیە بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، شوێنەوار و کەلەپوورە گواستراوەکان بهێنێتە ناوەوەی هەرێم، بەمەبەستی توێژینەوەی زانستیی، یان نۆژەنکردنەوە، یان بۆ دەولەمەندکردنی مۆزەخانەکانی هەرێم یاخود خستنەرووی کاتیی بێت.

**دووەم/** هەرکەسێك شوێنەوارێکی گواستراوە، یان پارچەیەکی کەلەپووریی بهێنێتە هەرێم، دەبێ ڕاستەوخۆ ڕوونکردنەوە بداتە دەسەڵاتی گومرگیی هەرێم.

**سێیەم/** ئەرکی دەسەڵاتی گومرگییە لەماوەی (٤٨) کاتژمێردا، دەسەڵاتی شوێنەواریی لە وردەکاریی پارچەی شوێنەواری، یان کەلوپەلی کەلەپوریی گواستراوە ئاگاداربکاتەوە.

**چوارەم/** دەسەڵاتی شوێنەواریی لە ڕێگای لیژنەی هونەرییەوە، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ ئەو شوێنەوار و کەلەپوورە گواستراوانە دەکات، کە لە دەرەوە هێنراونەتە ناو هەرێم، ئەگەر سەلمێنرا شوێنەوارن و لە وڵاتە ڕەسەنەکەی خۆیان، بە شێوەیەکی نایاسایی براونەتە دەرەوەی وڵات، ئەوکات دەستی بەسەردا دەگیرێت و بە ڕەچاوکردنی مەرجی مامەڵەی هاوشێوە (المعاملة بالمثل)، بۆ وڵاتە ڕەسەنەکەی دەگەڕێنرێتەوە.

**ماددەی ( ١٤ ):**

بردنە دەرەوەی پارچەی شوێنەواریی، یان کەلەپوریی:

**یەکەم/** دەسەڵاتی شوێنەواریی بۆی هەیە پاڵپشت بە ڕێنمایی شوێنەواریی، شوێنەوار و کەلەپوورە گواستراوەکان بۆ دەرەوەی هەرێم بگوێزێتەوە، بەمەبەستی توێژینەوەی زانستیی، یان نۆژەنکردنەوە، یاخود خستنەڕووی کاتیی.

**دووەم/** بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، دەشێت ئەو شوێنەوار یان کەلەپوورە گواستراوانەی کە هاوشێوەکانیان لە هەرێم دا هەیە، لەگەڵ مۆزەخانەو زانکۆو پەیمانگاو دامەزراوە زانستیەکانی دەرەوەی هەرێم، ئاڵوگۆڕی پێبکرێت، بەمەبەستی بەدیهێنانی سوودی زانستی، یان مێژوویی یان هاوکاری کردن و دەوڵەمەندکردنی مۆزەخانەکانی هەرێم.

**ماددەی ( ١٥ ):**

دەسەڵاتی شوێنەواریی تایبەتمەندە بەکاری گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنین بە دوای شوێنەواردا لە هەرێم، و بۆی هەیە ڕێگابدات بە زانایان و دام و دەزگا زانستیی و زانکۆ و پەیمانگەکانی ناوخۆ و بیانییەکان بۆ مەبەستی گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنین بە دوای شوێنەواردا، ئەمەش دوای دڵنیابوونەوە لە توانا و لێهاتوویی زانستیی و دارایی ئەو لایەنانە.

**ماددەی ( ١٦ ):**

**یەکەم/** گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنین لە زەویی و شوێنەکانی موڵکی دەوڵەت و کەسانی ئاسایی، یان مەعنەویی، کە ناوچەی شوێنەواریی لەخۆدەگرن، ئەنجامدەدرێت.

**دووەم/** ئەو زەوی و شوێنانەی گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنینیان تێدا ئەنجامدراوە، ئەگەر دەرکەوت شوێنەواریی نین، دەگەڕێنرێنەوە بۆ دۆخی پێش ئەنجامدانی ئەو کارانەی تێیاندا کراون، ئەگەر ئەو شوێن و زەوییانەی ئاماژەیان پێکراوە، موڵکی کەسانی ئاسایی یان مەعنەوی بوون و لە

ئەنجامی گەڕان و پشکنین زیانمەند بوون، ئەوا پاڵپشت بە خەمڵاندنی دەسەڵاتی شوێنەواری و بە ڕەزامەندی هەردوو لا یان لە ڕێگەی دادگاوە، قەرەبووی زیانەکانیان دەکرێتەوە.

**سێیەم/** دەسەڵاتی شوێنەواریی ماوەی گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنین دیاریدەکات و دەکرێت ماوەکە درێژبکرێتەوە.

**ماددەی (١٧):**

بە سەرپەرشتیی لیژنەیەك، كە لەلایەن دەسەڵاتی شوێنەوارییەوە ڕێگای پێدەدرێت، کاری گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنین ئەنجامدەدرێت و بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم/** سەرۆکی لیژنە، یان نێردراو، مەرجە زانایەکی شوێنەواریی شارەزا و خاوەن ئەزموون بێت.

**دووەم/** دەبێت ٢\١ نیوەی ئەندامانی لیژنەکان شوێنەوارناس بن.

**سێیەم/** پێویستە بەپێی پێویستیی ئەو ناوچەیەی کاری تێدا دەکرێت، چەند پسپۆڕییەکی دیکە لەم لیژنەیەدا ئەندام بن.

**چوارەم/** لەکاتی پێکهێنانی لیژنەدا، پێویستە شوێنەوارناسێك، کە کارمەندی دەسەڵاتی شوێنەواریی بێت، ببێتە نوێنەر و ئەندام لە لیژنەی هەلکۆڵین.

**ماددەی (١٨):**

ئەو تیم و لایەنانەی کاری گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنین دەکەن، دەبێت پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:

**یەکەم/** پێشکەشکردنی داواکارییەك بە دەسەڵاتی شوێنەواریی بۆ گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنین، کە ئەمانە لەخۆبگرێت:

١- تایبەتمەندیی داواکار و شارەزایی لە ڕابردووی و توانا داراییەکەی.

٢- زانیاریی لەسەر ئەندامانی تیمی پێشکەشکاری داواکە و ڕەچاوکردنی لایەنی زانستیی پسپۆڕیی.

٣- داواکار لە لایەنێکی زانستیی باوەڕپێکراوی وەکو زانکۆ، یان پەیمانگە، یاخود دەزگایەکی شوێنەوارییەوە، ڕێگاپێدراوبێت.

٤- ئەگەر تیمی داواکار لە دەرەوەی عێراق بێت، پێویستە پشتگیریی نوێنەرایەتیی کونسوڵییەکەی لە هەرێم هەبێت، ئەگەر نوێنەرایەتیی لە هەرێم نەبێت، پێویستە باڵوێزخانەکەی لە عیراق پشتگیری بکات.

٥- دیاریکردنی ژمارە و ئاستی ئەو کرێکارانەی لەگەڵیدا کاردەکەن، لەگەڵ توانا زانستیەکانیان.

**دووەم/**

١- نەخشەیەك، کە تێیدا سنووری شوێنی کارکردنەکە ڕوونبکاتەوە و ئاماژەیش بکرێت بە ناوچە شوێنەوارییەکان.

٢- ڕاپۆرتێکی بەرنامەی کاری ساڵانە بدرێتە دەسەڵاتی شوێنەواریی.

**ماددەی (١٩):**

**یەکەم/** دەسەڵاتی شوێنەواریی، دوای پێشکەشکردنی داواکارییەکەی تیمی کارکەر، پێداچوونەوە و وردبینی بۆ دەکات و پاشان ڕەزامەندیی لەسەر دەدات.

**دووەم/** پابەندبوونی داواکار بە ئەنجامدانی گرێبەستێك لەگەڵ دەسەڵاتی شوێنەواریی دا، بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی کارکردن، کە تێیدا ماف و پابەندبوونی هەردوولا دیاریدەکرێت و دواتر لەلایەن وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار پەسەنددەکرێت.

**ماددەی (٢٠):**

**یەکەم/** دەسەڵاتی شوێنەواریی، کاری بەدواداچوون و چاودێریکردنی تیمی ڕێگاپێدراوی شوێنەواریی دەکات.

**دووەم/** لەکاتی سەرپێچیکردنی یەکێك لە مەرجەکانی گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنین دا، دەسەڵاتی شوێنەواریی بە نووسراو ئاگاداری لایەنی بەرامبەر (دووەم) دەکاتەوە، بۆ لادانی سەرپێچیەکە لە ماوەیەکی گونجاودا، کە دەسەڵاتی شوێنەواریی دیاریدەکات.

**سێیەم/** ئەگەر لایەنی بەرامبەر (دووەم) سەرپێچییەکەی لانەبرد، وەزیری پەیوەندیدار بۆی هەیە گرێبەستەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.

**ماددەی (٢١):**

**یەکەم/** بەبێ ڕەزامەندیی نوسراوی دەسەڵاتی شوێنەواریی، نابێت ئەو پارچە شوێنەوارییە دۆزراوانە و زانیارییە دەستکەوتووانەی لەڕێی گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنین بە وێنەو نەخشەو هێڵکارییەکانەوە بەدەستهاتوون، دەستکاریی بکرێن و مامەڵەیان پێوەبکرێت،یان بڵاوبکرێنەوە، چ لەناوەوەی هەرێم بێت، یان لە دەرەوە.

**دووەم/** دەسەڵاتی شوێنەواریی بۆی هەیە ئەو لایەنەی گەڕان و هەڵکۆڵین و کنە و پشکنین دەکات، ئەمانەی خوارەوەی پێبدات:

١- قاڵبی شوێنەوارە دۆزراوەکە بە وێنە و هێڵکاریی و نەخشەکانییەوە.

٢- پارچەی گڵێنە (الفخار) و ماددە ئەندامی و خۆڵینەکان، بەمەبەستی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە، بەمەرجێك لە ماوەیەك کە لە (یەك) ساڵ تێپەڕ نەکات، دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێشکەشی دەسەڵاتی شوێنەواری بکرێت.

**سێیەم/** ئەو پارچانەی بە دەق لە برگەی "دووەم"ی ئەم مادەیەدا هاتون، راستەوخۆ بەچاودێریی دەسەڵاتی شوێنەواریی، ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن و لە باج و ڕسومات دەبەخشرێن.

**ماددەی (٢٢): ڕێگە پێنەدراوەکان**

**یەکەم/** جگە لەوەی کە لەم یاسایەدا ڕێگەی پێدراوە، ڕەفتارپێکردن و تێکدانی شوێن و بینا و پارچەی شوێنەواریی و کەلەپووریی (گواستراوە و نەگواستراوە) و شوێنە مێژووییەکان قەدەغەیە.

**دووەم/** خاوەن ئەو زەویی و شوێنەی شوێنەوار و کەلەپوور و شوێنە مێژووییەکانی تێدایە، بۆی نییە دەستکاریی مادیی، یان تێکدان، یاخود گۆڕینی ڕوکاری دەرەوەی تێدا ئەنجامبدات، ئەگەر شوێنەکە لە ڕۆژنامە فەرمییەکاندا، ڕاگەیاندنی بۆ کرابێت، یان نەکرابێت.

**سێیەم/** دەبێت لە کارکردن و سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەر پرۆژەیەکی شوێنەواریی و کەلەپووریی دا، کەسی یەکەم شوێنەوارناس بێت.

**چوارەم/** فرۆشتن یان پێشکەشکردنی شوێنەوار، یان کەلوپەلی کەلەپووریی، یاخود بردنیان بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێگاپێنەدراون، جگە لەو بارانەی کە لەم یاسایەدا دیاریکراون.

**پێنجەم/** نابێت پارچەی شوێنەواریی لەبەری بگیرێتەوە (کۆپی بکرێت)، تەنها بە ڕەزامەندیی دەسەڵاتی شوێنەواری نەبێت، دەبێت ئامانجی لەبەرگرتنەوەکەش، ڕاهێنان و توێژینەوەی زانستیی و یان بۆ نیشاندان، یان بۆ فرۆشتن یاخود بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردنیان بێت.

**شەشەم/**

١- نابێت هیچ مۆزەخانەیەکی تایبەت و گشتیی (شوێنەواریی) موڵکی کەسیی بن.

٢- دەکرێ مۆزەخانەی کەلەپووریی و سروشتیی هەبێت، بەڵام دەبێت ڕەزامەندیی دەسەڵاتی شوێنەواریی بۆ کردنەوەی وەربگیرێت و لەژێر چاودێری دەسەڵاتی شوێنەواریی دا بێت.

**حەوتەم/** بەبێ ڕەزامەندیی دەسەڵاتی شوێنەواریی، ڕێگانادرێت بە بەکارهێنانی ناو و ناونیشانی شوێنەواریی، یان کەلەپووریی لە شوێنە گشتییەکان و ناوی شوێنە بازرگانییەکان دا.

**ماددەی (٢٣): سزاکان**

**یەکـەم/** هەرکەسـێك پارچـەی شـوێنەواریی، یـان کەلـەپووریی گواسـتراوەی تۆمـارکراو، یـان تۆمارنەکراوی لابێت و لەماوەی (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئـەم یاسـایە، ئاگـاداری دەسـەلاتی شوێنەواریی نەکاتەوە، یان ببێتە هۆی وون بوونی، یاخود لەناوچوونی ئەو پارچـەیە، بـە بەنـدکردن و پێبژاردن بـە بـڕی دوو هێنـدەی نرخـی خـەملێنراوی پارچـە شـوێنەواریی، یـان کەلەپوورییەکـە، سـزا دەدرێت.

**دووەم/**

١- هەرکەسـێ شـوێنەوارێك، یـان کەلوپـەلی کەلـەپووریی بـدزێ، کـە لـە ژێـر دەسـتی دەسـەلاتی شوێنەواریی دا بێت، بە بەندکردن یان زیندانی کردن بۆ ماوەیەك کـە لـە (١٠) دە سـاڵ زیـاتر نـەبێت، سزا دەدرێت، سەرەڕای پێبژاردن بەبڕی شەش هێندەی نرخـی خـەملێنراوی پارچـە شـوێنەواریی، یـان کەلەپوورییەکە، بەمەرجێ بیگەڕێنێتەوە.

٢- ئەم بارانەی خوارەوە بارودۆخی توندکەرن و ئەنجامدەرەکەی بـە سـزای زینـدانی هەمیشـەیی سزا دەدرێت:-

أ- ئەگەر پارچەی شوێنەواریی یان کەلەپووریی دزراو نەگەڕێنرایەوە.

ب-ئەگەر ئەنجامدەری تاوان یەکێك بـوو لـە ئەنـدامانی دەسـەلاتی شـوێنەواریی یـان ڕاسـپێردراو بە پارێزگاری کردن لە شوێنەوار یان ئەوانەی کار دەکەن لە بەڕێوەبردنیدا.

ج- ئەگەر تاوانەکە لە لایەن دوو کەس و زیاتر بەبەکارهێنانی هێزو زۆرە ملێیی، ئەنجامدرا.

**سێیەم/**

١- هەرکەسێك پارچەی شوێنەواریی بباتە دەرەوەی هەرێم، یان بەشداربێت لە بردنە دەرەوەی، بە زیندانیی هەمیشەیی سزادەدرێت.

٢- هەرکەسێك بە ئەنقەست کەلوپەلی کەلەپووریی بباتە دەرەوەی هەرێم، یان بەشداربێت لە بردنە دەرەوەی، بەبەندکردن سزا دەدرێت کە لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت، سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار.

**چوارەم/**

١- هەر کەسێك بەبێ ڕەزامەندیی نووسراوی دەسەڵاتی شوێنەواری، کاری گەڕان و هەڵکۆڵین و کنەو پشکنین ئەنجام بدات، یان هەوڵی دۆزینەوەی شوێنەوار بدات، بە زیندانی کردن کە لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.

٢- ئەگەر کاری گەڕان و هەڵکۆڵین و کنەو پشکنین یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار، بووە هۆی گۆڕینی شوێنەوارەکە، دەبێت ئەنجامدەر قەرەبووی دوو هێندەی نرخی خەملێنراوی زیانەکە بکاتەوە، و دەست بەسەر شوێنەوارە دەرهێنراوەکە و کەلوپەلەکانی هەڵکۆڵینیشدا دەگیرێت.

٣- دەبێت تاوانبار لەسەر خەرجیی تایبەتیی خۆی، بارەکە بۆ پێش سنوور بەزاندنەکە بگەڕێنێتەوە.

٤- ئەگەر تاوانبار کارمەندی دەسەڵاتی شوێنەواریی بێت، بە زیندانیکردن سزادەدرێت، کە لە (١٥) پازدە ساڵ زیاتر نەبێت.

**پێنجەم/**

١- هەرکەس بازرگانیی بە کەلوپەل و پارچەی شوێنەواریی و کەلەپوورییەوە بکات، دەست بەسەر کەلوپەلەکان دا دادەگیرێت و بە زیندانیکردن سزادەدرێت، کە لە ( ١٠ ) دە ساڵ زیاتر نەبێت.

سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار. ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە، کارمەندی دەسەلاتی شوێنەواریی بێت، ئەوا بە هەمان ماوەی ساڵ بە زیندانیکردن سزادەدرێت، سەرەڕای غەرامەکردنی بە بڕی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار.

٢- هەرکەس بەبێ ڕەزامەندی دەسەلاتی شوێنەواریی بازرگانیی بە کەلوپەل و پارچەی شوێنەواریی و کەلەپوورییەوە بکات، چ ساختەکراو، یان لاسایکراوە بێت، ئەوا دەست بەسەر کەلوپەلەکان دا دادەگیرێت و بەبەندکردن سزادەدرێت، کە لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت. سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار. ئەگەر ئەنجامدەری تاوانەکە، کارمەندی دەسەلاتی شوێنەواریی بێت، بە هەمان ماوەی ساڵ بە بەندکردن سزادەدرێت. سەرەڕای پێبژاردنێك بە بڕی (٦,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن دینار.

**ماددەی (٢٤):**

هەر کەسێك زێدەڕۆیی بکاتە سەر خانوویەك، باڵەخانەیەك، گەڕەکێك یان هەر شوێنێکی تری شوێنەواری یان کەلەپووری، ڕاگەیەندراو لە ڕۆژنامەی فەرمی، چ بە تێکدان، گۆڕینی سیما یان گۆڕینی ئەو مەبەستەی کە بۆی تەرخانکراوە، بە زیندانی کردن سزا دەدرێت بە مەرجێك لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت، و پابەند دەکرێت بە گەڕاندنەوەی بۆ دۆخی پێش زیادەڕۆیی یەکە، لەسەر خەرجی خۆی.

## حوکمە گشتیەکان

**ماددەی ( ٢٥ ):**

دەسەڵاتی شوێنەواریی لیژنەی هونەریی پێکدەهێنێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانەی خوارەوە:

**یەکەم/** دیاریکردنی هەر کەلوپەلێك و پارچەی شوێنەواریی و کەلەپووریی، کە ڕەسەنە، یان ساختەیە.

**دووەم/** خەملاندنی بڕی قەرەبووی ئەو زیانانەی بەر شوێنەوار، یان کەلوپەلە شوێنەواریی و کەلەپوورییەکان دەکەون.

**سێهەم:** دیاریکردنی بڕی پاداشت بۆ هەر کەسێك کە شوێنەوار و کەلەپوور دەدۆزێتەوە، یان زانیاریی دەدات بۆ دۆزینەوەی.

**ماددەی ( ٢٦ ):**

ڕێژەی ٥٠٪ی داهاتی گشتیی شوێنەوار، بۆ گەشەپێدانی بواری شوێنەوار و کەلەپووریی تەرخاندەکرێت.

**ماددەی ( ٢٧ ):**

لەکاتی پێویست دا، دەسەڵاتی شوێنەواریی لە ڕێگەی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیرانەوە، هەماهەنگیی لەگەڵ دامەزراوە فیدراڵییەکانی تایبەت بە شوێنەوار و کەلەپور دەکات.

**ماددەی ( ٢٨ ):**

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، ڕێنمایی بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی ( ٢٩ ):**

پێویسته ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی (٣٠):**

کار بە هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٣١):**

ئەم یاسایە، لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی "وەقایعی کوردستان"دا، جێبەجێدەکرێت.

## هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

شوێنەوار و کەلەپوور، لە گرنگترین سامانە نیشتیمانیەکانن و میراتێکی ڕۆشنبیریی و زانستیی و ناسنامەی شارستانییەتی گەلەکەمانە، لەپێناو بەڕێوەبردن و پاراستنی ئەم سامانە نیشتمانییە و شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان– عێراق، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.